# پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ هەزاران دەنگی تر بەشیعاری جینۆساید لە دارفۆر ڕاگرن

لەسەر بانگەوازی کۆمەڵێ لاوی زانکۆ بە ناوی (Project Equity) لە ڕۆژی 4-30 بە هەزاران کەس لە گۆرەپانی Queen's Park-Toronto کۆبونەوە لە ژێر ناوی "جینۆساید ڕاگرن لە دارفۆر" .

شایانی باسە کۆمەڵێ کەسایەتی ناسراو ئامادەی کۆبونەوەکەبون ، لەوانە:

- NDP Leader Jack Layton"
- David Kilgour, a former federal cabinet minister
-Mohamed Haroun, president of the Darfur Association of Canada

ئێمە وەک"پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید" بۆ هەرچی زیاتر بە جیهانیکردنەوەی جینۆسایدکردنی کورد و هاو هەڵوێستیمان لە گەڵ بەرەی دژی جینۆساید لە جیهاندا ، بە نووسینی بەیاننامەیەک و بڵاوکردنەوەی لە ناو ئامادەبواندا و گەیاندنی بەدەست ڕێکخەرانی کۆبونەوەکەو کە سایەتییە سیاسیەکان . بەشداری خۆمان ڕاگەیاند .

ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە بە زمانی کوردی :

## کوردستان و دارفۆر دوو قوربانی مۆدێرنی جینۆ سایدن

لەگەڵ دروست بوونی فۆرمی دەوڵەتی نەتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا چەندین ئەتنیک، گرووپ ، کەلچەر و نەتەوە ڕووبەڕووی هەڵمەتی پاکتاوی رەگەزی جینۆ ساید بوونەوە .

کورد و دارفۆرییەکان ڕەشترین و درندانەترینديمەنی ئەو مەرگەساتەیان ئەزموون کرد. ڕەشە کوژی ڕۆژانە ، لاقەی ژنان ، ئاوارەکردنی هەزاران و ناچارکردنیان بە ژیان لە کەمپەکانی پەنابەری ، هەمو ئەمانە ڕۆژانە لەبەر دیدی مرۆڤایەتی و زوومی کامێراکان روودەدەن. لەگەڵ هەندێ دەستێوەردان بۆ ڕاگرتن بەڵام هەر بەردەوامن.

ئەمرۆ ئێمە وەک " پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید " سەرارای پرۆتستۆو سەرکۆنەکردنی ئەم جینۆسایدە درندانەیەی دژی گەلی دارفۆر ، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و جڤاتی نێو دەوڵەتی دەکەین بۆ دەست تێوەردانی دەست بەجێ بەرێگرتن لە سوپای سودان و میلیشیاکانی لەکوشتن و ئاوارەکردنی خەڵکی دارفۆر.

پاشان UN دەبێ ئەرکی پاراستنی هەرنەتەوەیەک لە ئەستۆ بگرێ بچوک بن یا گەورە، خاوەنی دەوڵەتی خۆیان بن یان نا. ئەمەش بەدانی ئەندامەتی بەو گەلانە نەک تەنها بە خاوەنی دەوڵەت نەتەوەکان.

پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید
2006-4-30




